سەرکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جۆ بایدن داوای ئاگربەست لە کەرتی غەززە دەکات

سەرکی ئەمریکا جۆ بایدن لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا داوای لە سەرک وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین نتنیاهو کردووە بۆ ئاگربەست لە کەرتی غەززە.

ماڵپەڕی هەواڵی ئەکسیەس لە زاری بەرپرسانی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە ئاشکرای کرد کە بایدن بۆ نتنیاهوی وتووە، ڕاگرتنی شەڕ بۆ ماوەی سێ هەفتە لەوانیە یارمەتیدەر بێت بۆ ئازادکردنی هەندێک لە بەدیل گیراوەکانی لای حەماس.

ئەکسیەس بۆ ئاماژە بە بەرپرسێکی ئەمریکی ڕایگەیاند کە بگوترێ لەکتگەیشتنی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل و قەتەر، حەماس 10 بۆ 15 بارمتە ئازاد دەکات و لیستی ئەو دەستگیرکراوانە پێشکەش دەکات کە ئازادیان دەکات.